سەماحەتی حەکیم تایبەتمەندی نەجەفی ئەشرەف دووپات دەکاتەوە و داوا دەکات ڕەچەڵدانی دەستووری بە حکومەتە نوخبەیەکان بدرێت

بەڕێز سەید حەکیم سەرکی هاوپەیمانەتی هێزکانی دەوڵەتی نیشتمانی چاوی کەوت بە بەڕێز ئەندازیار یوسف مەکی گناوی پارێزگاری نەجەف و لەم دیدارە سروشتی خزمەتگوزاری و گەشەپەدان لە پارێزگاکە باس کران و پرۆژەکانی ئێستا و داهاتووش لەشارەکە تاوتوێ کران.

سەماحەتی دووپاتی کردەوە لەسەر گرنگی تایبەتی شاری نەجەفی ئەشرەف هەیەتی لە ڕووی ئایینی و مێژوویی لەبەر ئەوەی ئەم شارە مەزاری ئەمیری مسوڵمانان ئیمام عەلی (سلاوی لە بێت)ی لەخۆ گرتوە لەگەڵ مەزاری کەمێك پێغەمبەر و کەسانی باش، هەروەها حەوزەی زانستی و مەرجەعیەتی ئایینی پیرۆزی لەباوەش گرتوە ئەوەش وا دەکات بەرپرسیارێتی بەرامبەری زیاتر بێت.

سەماحەتی حەکیم ستایشی ئەو ئەرکانەی کرد کە بە کردنەوەی پڕۆژەکانی خزمەتگوزاری و پلاندانان بە پرۆژەکانی داهاتوو ئەنجام دراوە و داوای کرد سوود لە توانا زانستییەکانی شارەکە وەربگیرێت و بەگرنگی زانی هەماهەنگی لەگەڵ سەنتەرەکانی توێژینەوە و ئاوێزکردن هەبێت بە ئەوەی چارەسەری ئاستەقینە بدۆزنەوە بە ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی شارەکە دەبێتەوە..
لەکۆتایشدا دووپاتی کردەوە کە دەبێت سەلاحیاتی دەستووری بە حکومەتە نوخبەیەکان بدرێت لەگەڵ شایستە دارایەکان بە ئەوەی بتوانن بەباشترین شێوە بەرنامەی ناوخەیی و دەرەکی جێبەجێ بکەن.